www.kurdistannet.org
26-4-2006 23:32 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## چۆن كۆمەڵگای كوردی بەرەو كۆمەڵگای مەدەنی ئەچێت؟؟!!. .. بەشی یەكەم ... جەمال فەتاح

بۆچوونە ڕامیاری و كۆمەڵایەتییەكانی كورد ئەمڕۆ لەهەر كاتێك زیاتر باس لە چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی ئەكەن، بەبێ ئەوەی هەوڵبدەن زەمینە بۆ كۆمەڵگای مەدەنی خۆشبكەن و ڕەهەندە ونەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە كوردستاندا بدۆزنەوە وئاماژە بۆ ئەو هەژگ وخاشاكانە بكەن كە چەمكی كۆمەڵگای مەدەنییان لەكوردستان داپۆشیوە یان ڕەهەندەكانی كۆمەڵگای مەدەنیان كوێر كردووەتەوە؟!.
بەڵام نەك چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی ئەتوانم بڵێم هیچ چەمكێك لەچەمكە فەلسەفییەكان لە كوردستان بەدرێژایی مێژو تاكو ئێستاشی لەگەلدابێت نەخوێندنەوەی وردیان بۆ كراوە و نە تیۆریزەكراون، بۆیە هیچ یەكەیەكی فەلسەفی لەكوردستاندا نەكەوتووەتە قۆناخی ئۆرگانیزەكردنی تەواو یان كامڵكردنی تەواو، بۆهەر چەمكێكی فەلسەفیش ئۆرگانێك پێویستە كە چەمكە فەلسەفییەكان ئۆرگانیزە نەكرێت ئەوكات ناكەونە خانەی پێتێنان و جێبەجێكردن و كەڵك لێوەرگرتن، دیارە هەر فەلسەفەیەك هەڵگری باری مێژویی وسایكۆلۆژی و ڕەمزی كەلتووری ومەیدانی خۆیەتی كەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەوێت كە بیان خاتە بواری بوون و پاشان كەڵكی تەواو لەو چەمكە بگەیەنێت بەكۆمەڵگا.
لەكوردستان كۆمەڵێك بنەمای كوێرانەی لاواز هەیە بۆ چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی یان بەمەدەنی كردنی كۆمەڵگا، وەك بنكە كۆمەڵایەتی وهونەریەكان و ڕێكخراوەكانی قوتابیان و گەنجان و ئافرەت و ژن و خوشك و ڕێكخراوە پیشەییەكان و هتد.. هەر چەند تەنها ئەو ئۆرگان و ڕێكخراوانە نابنە فەراهەم هێێنەری كۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام ئەو ئۆرگان و بنەمانە لەكوردستاندا نە لە ڕابردو و نەئێستاش نەیانتوانیوە پسپۆڕانە وچاونەترسانە بنەماكانی چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی بەتەواوی دەرك بكەن و هەزم بكەن وبچەسپێنن، تاكو دڵو هەستی چینەكۆمەڵایەتییەكان بە چەمكی كۆمەڵگای مەدنی بەتەواوی ئاشنا و شاد بكەن، چونكە ئەو ئۆرگانانەی كەلە سەرەوە ناوم هێناون جگەلەوە بەكەسانی ناپسپۆڕ و نەشارەزا لە چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی دەورە دراون لەهەمان كاتدا هەر ئۆرگانێكیان دابەش بووە بەسەر چەند حزب ولایەنێكی سیاسیداو ئەوەندە بە باڵای سیاسەتی حزبەكانیاندا هەڵئەدەن هیچ ئەوەندە بەلای كۆمەڵاگای مەدەنی و ناسینی ئەركی سەر شانی خۆیاندا ناچن؟!، بۆنمونە لەورد ترین ڕێكخراوی حزبییەوە تاكو گەورەترین و پڕچەماوەرترین حزب هەمو یەكێتییەكانی لە خۆگرتووە، وەك ئافرەتان و ژنان و خوشكان و قوتابی و خوێنكارو فێرخواز و هتد.. ئەمانەش هەر یەك لە ئاوازێك ئەخوێنن و ئەوەندە بەباڵای ئایدیا چییەتی و حزب چییەتیدا ئەخوێنن هیچ بەباڵای ئەركو بەر ژەوەندییەكانی خۆیاندا ناڵێن، بۆیە بەڕاشكاوی ئەڵێم ئەو ئۆرگان و ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییانە لەكوردستاندا نەك چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی پێش ناخەن بەڵكو ڕێگرن لەبەردەم پێشكەوتن و بەرەوبەمەدەنی چونی كۆمەڵگادا، چونكە جگە لەوە هیچ ڕێكخراوێكیان سەربەست نین لەهەمانكاتدا ئایدیا و بیروڕای هەندێك حزب هەر لەگەل پرەنسیپەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ناگونجێت تاكو بەرەو پیری بڕوات؟!.
وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆكرد ئەو ڕێكخراوانەی كوردستان هەموو ماناكانی كۆمەڵگای مەدەنی نابەخشن، چونكە خۆیان مانایەكی سەر بەخۆی ڕەهایان نییە واتە ئەو ڕێكخراوانە هەن بەڵام گیانی كۆمەڵگای مەدەنیان لەبەردا نییە، چونكە كۆمەڵە ڕیكخراوێكی ڕەخنەیی و چاودێری كەرنین بەڵكو فەر مان جێبەجێ كەرن فەرمانی حزب؟!كاتێكیش كە فەرمانی حزبیان جێبەجێكرد ئیتر ئەو كارئەكتەرە ون ئەكەن كە ئەیانكاتە دەزگایەكی مەدەنی تەواو بۆ بەرگری كردن لەمافە كۆمەڵایەتی وتاكەكەسییەكان، چونكە ئەركی دەسگاكان وئۆرگانەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەخنەكردنی ڕاستەو خۆی هەڵەكانی حزب و دەسەڵاتە لە كوردستاندا نەك مووبەموو جێبەجێكردنی فەرمانەكانی حزب؟!. لەهەر وڵات و سەر

زەمینێکدا کاتێک ئۆرگانێک موبەمو فەرمانەکانی دەسەڵات یان حزبی جێبەجێکرد ئیتر ئەو ئۆرگانە نە ڕۆڵی چاودێری کردنی دەسلات ئەبینێت و نەدەزگای کۆنترلۆچاودێری کردنی کۆمەڵگایە لەسەر دەسەڵات، بۆیە بەڕای من ئەو ئۆرگان وڕێکخراوانەی کوردستان تاکوئێستاش هەر تەنها دەستی کۆمەڵگایان بڕیوە، چونکە لەباتی بەرگریکردن لەمافە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی و فەراهەمکردنی ئازادیەکانی تاکی کۆمەڵگا بۆخۆیان پێشگیرن لەو ماف وئازادیانە، یان هەندێکیان هەزری کۆمەڵگا کەوی ئەکەن بۆحزب یان بۆ ئایدیایەکی کرچ و پڕلە خەرافاتی کە ئەوەش تەواو پێچەوانەی مافەمەدەنییەکان وئاراستەکردنی کۆمەڵەگایە بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی.

بۆیە ڕێکخراوە جەماوەری و بەناو مەدەنییە کانی کوردستان سەربە هەر حزب ولایەنێکن پێویستیان بە گۆڕانی تەواو و ڕیشەیی هەیە، پێویستیان بەوە هەیە پێش هەمووشت سەر بەستی خۆیان بەدەست بێنن چونکە ئەگەر خۆیان سەر بەست نەبن چۆن ئەتوانن داوای سەر بەستی بۆکەسانیتر بکەن؟!، پێویستیان بەوە هەیە یەکبگرن لەباتی ئەو گشت ڕێکخراوەی ژنان وئافرەتان وخوشکان وخانمان وهتد.. یەک ڕێکخراویان هەبێت لە بن هەر ناوێکدابێت کێشە نییە چونکە ناو مەرج نییە ناوەڕۆک مەرجە؟!، هەروەها ئەم یەکگرتنە بەهەمان شێوە پێویستە بۆ لاوان وگەنجان وخوێنکاران وقوتابیان وفێرخواز وهتد.. وە هەمویان دڵنیا ئەکەمەوە بەبێ وەرگرتنی سەربەستی تەواو وە یەگرتنی تەواو نەک نوێنەری کۆمەڵگای مەدەنی نین بەڵکو دژی بەرەو بەمەدەنی چونی کۆمەڵگاشن، هەر تەنها ئەمەش ئەرکی مێژوویی سەر شانی هەر ڕێکخراوێکیانە کە بەر پرسیاری بەردەمی نەوەکانی ئایندەو مێژوی نەتەوە کەمانن، بۆیە پێویستە لەباتی بەهێزکردنی حزب یان ئایدیایەکی وشک هەڵاتوو لایەنی ڕۆحی و ویژدانی خۆتان بەهێزبکەن، گەر هاتوو لایەنی ڕۆحی و ویژدانی خۆتان بەهێزکرد ئەوسا لەدەسگایەکی بێ گیان وبێ ئیرادەوە دەبنە دەزگایەکی زیندووی خاوەن ویژدان، ئەوکاتە کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی وەک ئاوێنەیەک دڵنیایی و ئاسودەیی خۆیان لە ئێوەدا ئەبیننەوە، نەک بەم جۆرە بێگیان و بێهەست و بێ نۆرمییەی ئێستاتان کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە پێش چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەبێزرێن؟!.

جمال فتاح
2006/4/26
لەندەن